# سڤیتلانا

باس
لەتراژیدیای
سۆڤییەت
دەکات







لەئەوروپادا چەند دەوڵەتێك كات تیایاندا راوەستاوە، لەمینسكی پایتەختی بیلاروسیا شەقامەكان نیمچە چۆڵن كە بەریكلامە رەسمییەكانی تایبەت بەچیمەنتۆو كانزا ناوخۆییەكان رازێنراونەتەوە. لەبازاڕی بازرگانی "ئۆسیۆن"، قوتووی ماسی هەیە، كە لەلایەن ئەو كارگانەوە بەرهەم دەهێنرێن، كە سەر بەیەكێتی سۆڤییەتی جارانن. هەروەها لەكۆگای مەی فرۆشیدا لەتەك كۆنیاكی ئەرمەنی یان ڤۆدگای روسی، بوتڵی ئەو شووشە شامپانیایانە ریزكراون كە تەواو سەرخۆشكەرن و لەرۆژگاری یەكێتی سۆڤییەتدا لەسەرخوانەكان دادەنران.

**- چ شتێكی سەردەمی منداڵیت بەبیر دێتەوە؟**

- *ئێمە لەگوند دەژیاین و باوكیشم بەڕێوەبەری قوتابخانە و دایكیشم مامۆستاو بەرپرسی كتێبخانە بوو. زۆربەی كاتیان لەكاركردن بەسەردەبردو زۆر كەم دەمبینین. نەنكم بەجیهان ئاشنای كردم، هەموو هاوینێك دەچووین بۆ بینینی لەئۆكرانیا. بیلاروسیاش وڵاتێكی هەژارە، هەژاری بەربڵاوە بەڵام خانووەكان جوان و سروشتێكی بۆنداریان هەیە. ئاگردانەكان بە پووش گەرم دەكرێن و بۆنێكی خۆشیان لێ بەرزدەبێتەوە.

ئێمە نانی خۆمان بۆ خۆمان ئامادەدەكرد...لەگەڵ ئەوەشدا لەناوجەرگەی ئەو سروشتە دەوڵەمەندەدا، چاومان بەو برینداران‌ەی جەنگ دەكەوت كە لەسەركورسی تەختە رەوڕەوە دارەكان دانیشتبوون و سواڵیان دەكرد. لەنێو شەمەندەفەرەكاندا كۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی گۆرانی بەرەكان بێژن. تابلۆیەكی سەیر بوو. لەبنەڕەتدا جوتیارەكان بەشێوەیەكی ناوازە گفتوگۆیان دەكرد. داپیرەم باسی ئەوەی بۆ دەكردم كە چۆن شووی بەباپیرم كردووە. لەبارەی هۆلۆجۆمۆرەوە قسەی بۆدەكردم كە بریتی بوو لەو برسێتیەی بەفەرمانی ستالین روویدا لەساڵی 1933و بەهۆیەوە ملیۆنان مرۆڤ بوونە قوربانی. داپیرەم كە لەوسەردەمەدا ژیابوو زۆر شتی ناخۆشی بۆگێڕامەوە. گەیشتینە بەردەم ماڵی دراوسێكەمان و پیرەژنێك هاتە دەرەوە. لەوێدا نەنكم بەچرپە قسەی دەكرد و لێمپرسی بۆ وا بەهێواشی قسە دەكات، لەوەڵامدا وتی ئەو پیرە ژنە لەكاتی برسێتیدا منداڵەكانی خۆی خواردووە!!

**یادەوەری برسێتی**

- بیلاروسیا، زەمینێك كە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا زۆری *چەشتوە، ئایا خەڵكی لەوبارەیەوە قسەیان دەكرد؟؟

بەڵێ! لەگونددا زیاتر وەك لەشار بەڵام خەڵکی بەوریاییەوە دەدوان. لەکاتی سرووتی منداڵ لەئاو هەڵکێشان و هاوسەرگیری پیرەکان لەبارەی جه نگه و ه دەدوان، دیارە قسه کر د نیش له سه ر بەرەکانی جەنگ نەبوو، چونکە ژمارەیەکی کەمی پیاو ئامادە دەبوون. قسەکردنی ژنانیش زیاتر پەیوەست بوو بەشەڕی پارتیزانی دژ بە نازییەکان. پارتیزان و لایەنگرانی سۆڤییەتیش برسی و ماندوو بوون و لەدارستانەکان خۆیان دەشاردەوەو لەپڕێکدا دەیاندا بەگونداو دوا مانگای جوتیاریان دەبرد. کە ئەوەش چیرۆکی پڕ لە توندوتیژی و هێز بوو. ئەوەم لەبیرنەچووە کە هەرزەکارەکان لەسەر مێزێك دانیشتبوون و ئێمەی منداڵانیش بەدەوریاندا رامانده‌کرد. هەندێك جاریش بەتووڕەییەوە داوایان لێدەکردین لێیان دوور بکەوینەوە. بەڵام من هەمیشە هەوڵمدەدا گوێبگرم.

چیرۆکی ئەو ژنەی کە لەزۆنگاوەکاندا خۆی و منداڵەکانی لەتاو نازییەکاندا دەشاردەوە نەیدەتوانی خۆراك بداتە هەموویان و لەوەش نزیك ببوونەوە دەستگیربکرێن. دووانیش لەمنداڵەکانی نوقم بوون.

**-چی لەو یادەوەریانەت لا ماون؟**

*شتێك لەگومان لەبەرامبەر پەیڤە چاپکراوەکان. ئەوەی ئەو کەسانە باسی لێوە دەکەن زۆر سامناکترە لەوەی کە لەنێو کتێب و وتارەکاندا قسە لەسەر سەرکەوتنەکانی ئێمە بەسەر ئەوانیتردا دەکرێت. جەنگ لەئەدەبدا زۆر جوانە. واتای هەیە: پێویستە پاشەکشە




**کەوتبوومە ژێرگوشاری ئایدیۆلۆژیایەکی دوولایەنەی قوتابخانەو دایك و باوك. نەدەکرا لەو بارودۆخەدا باوەڕ بەکۆمۆنیزم نەهێنرێت، بێگرفت پەیوەندیم بەلاوانی کۆمۆنیستەوە کرد و پرسیاری پێچەوانەم ئاراستەی مامۆستاکەم کردو ئەویش سزای دام**




دەیگێڕنەوە بێ واتان. ئەوان باس لە زەبروزەنگی مرۆڤایەتی دەکەن. بۆنموونە هەڵکوتانی پارتیزانەکان بۆ گوندو کوشتنی گشت ئەندامانی یەك خێزان و سووتانی کێلگەکەیان لەبەرئەوەی کاریان لەگەڵ پۆلیسی نهێنی نازییەکان کردووە. جگە لەوەش راگەیاندنی سۆڤییەت و کتێبەکان باسیان لەمامەڵەی ئەڵمانەکان لەگەڵ جووەکان نەکردووە. کە کەلتووری جووەکانی بیلاروسیا بەتەواوەتی سڕدراوەتەوەو ئەوەش لەدەستدانێکی گەورە بووە. جوتیارە ژنەکان باس لەوە دەکەن کە لەگوندەکان روویانداوە، کە چۆن لەشەوێکدا جووە خاوەن پیشەکانی وەك پێڵاو دروستکەرو بەرگدروو، بازرگان دەستگیرکران و سەرەونگوم کران. چەندان چیرۆکی سامناك لەبارەیانەوە هەن.

**- ئایا ئەو چیرۆکانە بوونە رێگر لەوەی باوەڕ بەکۆمۆنیزم بهێنیت ؟**

*بەتەواوەتی نا. من بەیاخیبوو لەدایك نەبووم. وەم گشت قوتابیانی سۆڤییەت، ئەدەبی رێگە پێدراوم دەخوێندەوە ئەو ئەدەبەی برێکی زۆر لەچیرۆکی جەنگی پڕ لەسەرکەوتن و پاڵەوانیەتی لەخۆگرتبوو. هەڵبەت کەوتبوومە ژێرگوشاری ئایدیۆلۆژیایەکی دوولایەنەی قوتابخانەو دایك و باوك. نەدەکرا لەوبارودۆخەدا باوەڕ بەکۆمۆنیزم نەهێنرێت، بێگرفت پەیوەندیم بەلاوانی کۆمۆنیستەوە کرد و پرسیاری پێچەوانەم ئاراستەی مامۆستاکەم کردو ئەویش سزای دام ، و رێگەیان نەدا سوود لەو خەڵاتە وەربگرم، کە بەدەستمهێنا بۆ ئەوەی سەردانی شوێنەکانی لینین بکەم لەئەوروپا. نەیار نەبووم بەڵام بەشێوەیەکی تر بیرم دەکردەوە، کاتێکیش چوومە زانکۆ، کۆلیژی رۆژنامەگەری، سەرقاڵی فەلسەفە بووم. هەوڵمدا مارکس بخوێنمەوە، بەڵام نەبووە مایەی سەرنجم و فەرامۆشمکرد. هەربۆیە گرامشیم هەڵبژاردن کە نوێنەرایەتی سۆسیالیزمی ئیتاڵی دەکرد. بەپشتیوانی خوێندکارانی وڵاتانی دۆستیش توانیم فرۆیدو نیچە بخوێنمەوە. درەنگانێکیش چوومە دەرەوەو دەستمکرد بەخوێندنەوەی کتێبگەلێك بەدیاریکراویش ئەدەبی کامپەکانی ستالینیزم کەلەهەفتاکاندا هیچم لەبارەی هەموو ئەوانەوە نەدەزانی و کەسێکی گوندی بووم و هەرگیزیش سەردانی مۆسکۆم نەکردبوو!

**-چۆن بیرۆکەی کتێبی یەکەمت "جەنگ ئەدگاری ژنی هەڵنەگرتووە 1983"لا گەڵاڵە بوو؟**

*لەکۆتایی خوێندنەکەم، کارکردنم لەرۆژنامەیەکی لۆکاڵی هەڵبژاردو بەوجۆرە مشتومڕم لەگەڵ پیرەژنەکان دەکرد. لەو کاتەدا کتێبی نووسەری رووسی ئالسن ئادامۆڤیچم خوێندەوە.





ئەو کەسانەدا دەگەڕان کە لەسوتاندنی گوندەکان لەسەر دەستی نازییەکان بەزیندوێتی رزگاریان بوو. بەبیستنی ئەو دەنگە زۆرە هەستم بەو جۆرە ئەدەبە کرد کە پێویستە پەیڕەوی لێبکەم. من لایحۆمەوە دەستمکرد بەکۆکردنەوەی شایەتیەکان. لەماوەی 7ساڵدا بابەتی چیرۆکی ژنانەم لەبارەی جەنگەوە هەڵبژارد، چونکە دەنگی ژنانی وەك داپیرمە کە لەیادەوەریمدا ماوەتەوە.

**ئەدەبی جەنگ**

**- تۆ وتت ئێمە بەندی وێناکردنی پیاوانەین لەبارەی جەنگەوە.**

*زۆر کاریگەر بووم کاتێك زانیم ئەو ژنانە بەزەییان بەئەڵمانەکاندا هاتووەتەوە. لەقوتابخانە وافێرکرابووین کە نابێت بەزەیمان بەدوژمندا بێتەوە، بەڵام جەنگ بەلای ئەو ژنانەوە لەو یاسایانەدا نەنووسرابوونەوە کە پیاوان دایاننابوون. لە ئەدەبی جەنگدا ژنان بۆ رازاندنەوەی ئیستغلالکردنی سەرباز ئامادەیی دەبێت. لەسەفەرکردن و گوێگرتنم لەپیرەژنەکان شتێکی ترم ئاشکراکرد، کەسایەتیە خوێنەوارەکان بۆ زاراوەو چەمکەخوازراوەکانی نێو کتێب و رۆژنامەکان دەگەڕێنەوە. بەڵام کەسانی سادە لەرێگەی نەهامەتییەوە مەعریفە و دانایی بەدەستدەهێنن.

سەرچاوە: **Michel Eltchaninoff, Svetlana**



نیچە